## ئەنجیلا میرکل:

# پۆرترێتی ژنێکەو ئەلمانیا بەرێوە دەبات

نووسینی : بودوان بۆلایر
وەرگێرانی بۆ عەرەبی: سلیمە لبال
و: شێرزاد هەینی ـ سوید
Sherzad55@hotmail.com



3

**کۆچکردنی قەشوی باوکی بۆ ئەلمانیای خۆرهەڵات :**

هۆرست کاسنر، باوکی میرکل دەکرێ بوترێت لە مەزهەبەکی لۆسەری ئەلمانییەوە نزیک بوو، ئەو مەزهەبە لە مارتن لۆسەر کینگەوە هاتووە .پیاوێکی درێژی باریکی تووش بوو، ئەگەرچی بەرەو یادی 84 ی ساڵەی لەدایکبوونی دەچێت، بەڵام لەبەرئەوەی دڵسۆزی فەرمان و توندکاری پیاوی وا بەرهەم دەهێنێت، بۆیە ئەو تەمەنەی لە ئاکاری دەموچاوی پێوە دیارنی یە. ئەو حەز ناکات وەڵامی ئەو کەسانە بداتەوە، بۆ ئەوەی بزانن کیژە گەورەکەی چۆن لەو بوارەدا سەرکەوت .

لە هیدلبرگ و لە هامبۆرگ خوێندویەتی، چەند هەفتەیەک پاش لەدایکبوونی ئەنجیلا دوروتیای کیژی یەکەمی لە 17ی یولیو، لە ساڵی 1954 ژنی هێناوە. پاشان هامبۆرگی جێهێشتووەو بەرەو ئەلمانیای دیموکراسی رۆیشتووە، ئەو ولاتەی لە ئوکتۆبەری 1949 دامەزراو تەنیا یەکێتی سۆڤیەت و کۆریا باکوورو ولاتانی دیموکراسیە میللیەکان بە رەسمی دانیان پێدانا. ئەو دەمە دیوارەکەی بەرلین نەبوو، ئەو دیوارە لە ساڵی 1961 دروستکرا، پێش ئەو ساڵە دەربازبوون لەو سنوورە ئاسایی بوو. ئەو بریاری کۆچی کاسنری باوکی ئەنجیلا بۆ ئەلمانیای شیوعی زۆر سەرسورمان بوو، پیاوە بارهەڵگرەکە بێ شەرمانەو رووبەرووی پێی ووتبوو، ئەوانەی لە خۆرئاواوەو بەرەو شیوعیەت کۆچ دەکەن، شێت و شیوعیەکانن ..؟! تۆ بۆچی دەرۆیت، ئەو هیچ وەڵامی نەدابووە. لە پەنجا مانگی یەکەمی هەمان ساڵدا 180 هەزار هاووڵاتی ئەلمانیای دیموکراسی بەرەو ئەو بەهەشتە رایانکرد کە ( والتر یولبریشت ) لە بەشەکەی تری ئەلمانیا بەرقراری کردبوو. لە ساڵانی نێوان 1949 تا 1961 دوە 2,5 ملێون هاووڵاتی خۆرهەڵات بەرەو خۆرئاوا رایانکرد، بۆیە بەناچاری

**لەناو بەرلینا لە ساڵی 1961 دیوارەکە لەلایەن ( باندس ریبۆبلیک دۆتشلاند ) دروستکراوو ڕێگای لە راکردن و دەربازبوونی هاووڵاتیان گرت.**

**قەشەکە واز لە پەساپۆرتە خۆرئاواییەکەی دەهێنێت :**

**بە لەدایکبوونی کوڕێکیان لە ساڵی 1957 خێزانەکەی کاسنر گەورەتربوو، ئەو کوڕەیان ناونا مارکۆس، لە ساڵی 1964 یش کیژی دووەمیان بوو، ناویان نا ئایرین، ئەو کیژە دە ساڵ لە خوشکە گەورەکەی بچووکترە، سێ ساڵیش پاش دیوارەکەی بەرلین لەدایکبووە. زۆربوونی مناڵ لەو ولاتە سەرگرانی و نارەحەتی دەنایەوە، ئەو ولاتە ئابووری و گوزەرانی ئەوەندە باش نەبوو هاووڵاتیان مناڵی زۆرتر دروست بکەن، بەڵام کاسنر کوێرانە دڵی بەو ولاتەو سیاسەتەکەی خۆش بوو، بۆیەش پەساپۆرتەکەی تەسلیمکردەوەو دانەیەکی ئەلمانیای خۆرهەڵاتی وەرگرت. ئەو ژن و مێردە لەو ولاتە تازەیەدا ئەوانیش هەستیان بە نارەحەتی و ماندبوونکرد، سەرجەم شتەکان و مرۆڤەکان و ڕێگاو پردو یەکە پیشەسازییەکان لەسەرنوێ بنیات دەنرایەوە، ئەوانیش لەو قۆناخەدا خۆیان بە ئەندامی چاکە لە مێژووی ئەو سەردەمە ناسی. لە خۆرهەڵات و خۆرئاواکەی ئەو ولاتە کەم ئەلمانی هەبوو هەست بەوە بکات ئەوان لە ولاتی ) هەرەس و کەنیسەکان ( دا دەژین، ئەوان ڕۆڵەی هەرەس و شکانن، چونکە تازە ولاتەکەیان لە شەڕێکی دۆڕاو تەواو بوون، ولاتەکەیان کەڵاوەیەکی تەواو بوو، شاهیدیشی نەدەویست .**

**ولاتی کەنیسەش، واتە داگیرکەرانی نوێی ئەو ولاتە، وایان دەزانی دەستەڵاتانی کاسۆلیک، بە تایبەتی پرۆتستانتەکان زەبرو توانای زۆریان لەسەر ئەو میللەتە هەیە. ئەمریکیەکان وایان دەزانی بنچینەو بەهاکانی کریستانیەت بنکەو پێشەنگە بۆ دامەزراندنەوەی ئەو کۆمەلگەیە، هەروەها سۆڤیەتیەکانیش دڵنیابوون لەوەی نوێنەری کەنیسەکان دەوری کاریگەریان دەبێت لە ئەلمانیای دیموکراسی و جولانەوەی و کاریگەری کۆمەلایەتی .**

**کاسنر لە کۆبوونەوەکانی کاری ویسنسیر بەشداربوو، لەسەر داواو ڕەزامەندی حکومەتەوە، ڕێگای بە کریستیانە چەپەکان داربوو لەو لیژنەیە بەشداربن، ڕۆژانی هەینی پاش تەواوبوونی بەرنامەی کاری ڕۆژانەیان لە ماڵی کاسنر لە فالدۆف کۆدەبوونەوە .**

**دیوارەکەی بەرلین فەشل دەهێنێت :**

**لە ئێوارەیەکی ساڵی 1968 قەشە کاسنرو هاورێیەکانی لە ماڵەکەی ئەو بۆ باسکردنی ئەو نامەیەی ساخارۆف نووسیبووی کۆبوونەوە، لەنامەکەدا باسی پێشبینی و ترسی زۆربوونی چەکی ناوەکی نێوان ئەمریکاو یەکێتی سۆڤیەتکرابوو، ساخارۆف ترسی لە گژی و ناکۆکی نێوان بازاری سەرمایەداری و ئیشتراکی لێنیشتبوو، داواکاربوو ئەو ڕژێمە لەیەک نزیک ببنەوەو جیهان دووچاری مەترسی نەکەن، ئەوان زۆریان گفتوگۆکرد، لە ئەنجامدا گەیشتە سەر ئەو رایەی نامەو پەیام بنووسنەوە، بەڵام نوێنەری پۆلیسی نهێنی سەر بە ئەلمانیای دیموکراسی، ئەوەی پەیوەندی بە قەشەکەوە هەبوو، داوایکرد واز لەو جۆرە گفتوگۆیانە بهێنێت، ئەگەرنا خۆی تووشی زیندان و سەرئێشە دەکات .بەڵام ئەو وەڵامی پۆلیسەکەی دایەوە کەوا نامەکەی ساخارۆف نامەیەکی گشتییە، هەموو لایەک دەتوانن بە هۆی رادیۆوە ببیستن، ڕژێمی شیوعیەتیش ناتوانێت بە دبواری وەک بەرلین، ڕێگا لە بیستنی ئەو هەوال و ئەو نامانە بگرێت .**

**پۆلیسی نهێنی چاودێری کاسنر دەکات :**

لەبەر ئەوەی ئەو قەشەیە پیاوێکی وا بوو نەدەکرا گومان لە هەڵسوکەوتەکانی بکرێت، چونکە بە بۆچوونی رۆژنامەی پرافدای روسی قەشەکانی ناو ولاتی ئەلمانیای دیموکراسی هەموویان پەیوەندیان بە پۆلیسی نهێینیەوە هەیە، ئەگەر بە دەگمەن، ئەگەرنا کەم قەشە هەیە لە بەرنامەی ئەو حکومەتە دووربکەوێتەوەو سەرپێچی ئەو حکومەتە بکات .لەبەر ئەوەی کاسنریش ئەندامی لیژنەی ویسنسیربووە، ئەوانیش پەیوەندیان بە دەستەڵاتەوە هەبووە، لە حکومەتەوە نزیک و تەریب بوون. پۆلیس چاودێری ئەو لیژنەیەشی دەکرد، ئەوان ئازادانە بیریان دەکردەوەو تایبەتمەندیکی دەگمەنیان لەو ولاتەدا هەبوو، ئەوان لەناو یەک زۆر بە بۆچوونی هزری و تازە یەکتریان ئاگادار دەکردەوە، ناوی کاسنر زۆرتر بەردەکەوت، ئەو پشتیوانیشی بۆ هاورێیانی ئازادی و خۆمالی زەوییەکان لە ئەمیرکای لاتینی نیشاندەدا .

رۆژنامەی پرافدا ئەوەی ئاشکراکردووە، کەوا ماڵەکەی ئەنجیلا بە تایبەتی کە ماڵیان لە فالدۆڤ بووە، بنکەیەکی سیاسی تەواوبووە، لەوێش ئەو لە ساڵی 1989 قەشە رینر ئابلمانی دامەزرێنەری حزبی کریستیانی دیموکراسی ناسیوە، پاشان ئەو بووە قسەکەری ڕەسمی ئەو حزبە، پاش رووخانی  دیواری بەرلینیش پێی لەسەر رێگایەکی راست دانا، لەسەر ئەو رێگایەشدا رۆیشت .

هۆرست کاسنرو ژنەکەی حەزیان بە رووبەروونەوەی هزرەکان دەکرد، ویستیان ئەوەبوو جیهان لەسەرنوێ دامەزرێتەوە، ئەوان دژی هەڵسانەوەی رژێمی بەرلینی خۆرهەڵاتی بوون، بەردەوام چاودێری بەرنامەکانی تەلفزیۆنی ئەلمانیای خۆرئاوایان دەکرد، رێگاشیان لە مناڵەکانیان نەدەگرت، ئەوانیش چاو لەو بەرنامانە بکەن، مناڵەکانیان ئازادانە بۆیان هەبوو بەیەکەوە دانوستان و گفتوگۆبکەن. وولف دونات، مامۆستای ئەنجیلا سەبارەت بە کیژەکەیان سەردانی ئەو خێزانەی کردووە، پاش ئەوەی باسی خوداو سیاسەت و دوارۆژی مرۆڤایەتیان کردووە، شەو ماوەتەوەو رۆژیان بەو قسانە کردۆتەوە، بەیانیەکەی لە ماڵەکەیان هاتووتە دەرەوە .

یەکەم بزاڤی یاخیبوون لە قۆناخی دواناوەندیدا :

لە کۆتایی بۆ حکومەت روون و ئاشکرا دەرکەوت، کەوا قەشە کاسنر پیاوێکە پاڵپشتی هێزەکانی پێشکەوتنخوازی دەکات، لە کۆتایی هەفتاکان رازیبوون ئەو خۆی و بە تەنیا سەفەربکات، لە ولات بچێتە دەرەوە، بۆیە کاسنر بە ئوتومبێلە پیشەییەکەیەوە بۆ ئیتالیاو بریتانیا سەفەریکردووە، ئەو دەیتوانی ئوتومبێلی تایبەتیشی هەبێت، ئەوەیان بۆ بەرپرسەکانی حکومەتیش ئاسان نەبوو. ئەو زۆرجار پلەو ناوی خۆی بۆ برادەرێکی نزیکی خۆی، یان بۆ کاری هاورێیەکی حەقی هەبوو قسەیەک بکات، لە مەسەلەکە بکۆلێتەوە، هەورەها کیژەکەشی لەو گێژاوانەی رۆژانە لە قۆناخی دواناوەندی، دەهاتە پێشی دەربازی دەکرد، ئەو جارێک لە دژی مامۆستایەکیان پێشرەویی یاخیبوونی خوێندکارانی کردووە. مامۆستاکە لە ئاهەنگی رۆشنبیری تەواوبوونی ساڵی خوێندنی بەرنامەیەکی ئاسایی تایبەتی دانابوو، بەڵام خویندکاران بە رابەری ئەنجیلا بەرنامەیەکی تریان ویستوبوو، لە جیاتی شیعر بۆ فیتنام بخوێنەوە، شیعریان بۆ بزاڤی رزگاریخوازی مۆزامبیق وتبوو، ئەوەش زۆر قەدەغەبوو، شیعرو بەرنامەیان بە زمانی ئەینگلیزیش ئامادەکردبوو .. ئەوانەش لەو رۆژانە کارەسات و شەرمەزاری و ترس بوون. ئەو راپۆرتە گەیشتە بەرزترین لوتکەی دەستەڵات، بەڵام هۆرست کاسنر لەو کێشەیە دەستی گەیشتێ و داوای لە مانفرد ستولبی گەورە فەرمانبەری کەنیسەی پرۆتستانتی ئەلمانیا دیموکراسی کرد، بۆیە خوێندکاران تەنیا بە ئاگادارکردنەوەیەک لە ئەنجوومەنی بەشەکەیانەوە سزادران .

سۆزی ژیان لە خۆرئاوا بۆ خێزانەکەی ئەنجیلا نوێ دەبێتەوە :

سۆزو خۆشەویستی و ژیان لە خۆرئاوا لە دڵی قەشە دروست بوو، ئایا کیژەکەشی ئەو بیرو بۆچوونەی لەلا دروستببوو، ..؟ ئەنجیلا وتویەتی ژیانی من لە چاو ئامۆزاکانی ناو ئەلمانیای خۆرئاوا، زۆر خۆشترو ئارامترو جوانتربووە، راستە من لە ولاتێکی بۆگەن ژیام، بەڵام دیمەنەکانی ئەو ولاتە زۆر جوان و سەرنجراکێش بوون، ئەو وتویتی من لە سۆز و خۆشی و برادەران کەماسیم نەبووە، بەڵام پێویستم بە ( تومبلین ) هەبووە، ئێمە پەیوەندی زۆرمان بە ئەلمانیای خۆرئاواوە هەبووە، بەردەوام مێوان و کەسی نزیکمان لەوێیەوە بۆ دەهات، جۆرەها دیاری وەک کتێب وشتی تریان بۆ دەهێنام .. ئەو پێشهاتانە بۆ ئەنجیلا ئاسایی نەبوو، لە ولاتێک ژیاوە سستەمەکەی خۆرهەڵاتی بووە، خۆی لە رژێمەکە پاراستووە، ئەوانەی کۆتیان خستبووە سەر بنەمای هزری و قورگیان گرتبوو، بواری دەربرینی تاقەتەکانیان نەدەدا، باوکی رازی نەدەبوو ئەو سستەمە سەرکۆنەو شەرمەزار بکرێت، داواکاربوو سستەمەکە شار بکرێت نەک شەڕو دژایەتی بکرێت .

ئەوەی جێگای سەرسورمان و نیگەرانی بوو، بۆ ئەو پیاوە قەشەیە، ئەوەی ئەو بەشەی جاران ئەلمانیای خۆرهەڵات بوو وا 70% بڕوایان بە ئاین نەماوە، ئەگەر 39,9% لەوانە پێش 50 ساڵ داوای کەنیسەی پرۆتستانیان دەکرد، لەو بەشەدا وا تەنیا8,1% بڕوایان بە کەنیسەی کاسۆلیک ماوەو 0,7 یش لە هاووڵاتیان بڕوایان بە ئاینەکانی تر هەیە ..

لە رۆژی 22 ی نۆفمبەری 2005 ئەوو ژنەکەی ئامادەی رێ و رەسمی دانانی کیژەکەی دەبن لە وەرگرتنی پۆستی راوێژکاری ئەلمانیا لە سەر سەکۆی پەرلەمانی ئەلمانیا ( ئالبوندستاگ ) ئەوەی هاوبیری نەبوون بە ) کاسنرە سوور ) ناویان دەبرد. ئەو قەشە لۆسەرییەی ولاتێکی شیوعی لە کۆتایی و بێ ویستی خۆی هاتە ناو مەداری دەستەڵاتی سیاسی، بەڵام ئەوەیان لای ئەو گرنگ نی یە، ئەوە کیژەکەیەتی، بە ناوی خودا سوێند دەخوات .

گەرمەی تەنگژەکان و تەقینەوەی ئۆپوزسیون :

ئەلمانیای خۆرهەڵات لە دەرەوەو ناوەوە لە لوتکەی سەرکەوتن و گەشەداری بوو، بەڵام تەمەنی جوانی ئەو سەرکەوتنە لە ساڵانی1976 و 1977 ەوە بەرەو کزی و لاوازی رۆیشت، تا لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو کێشە ئابوورییەکان زۆربوون و کردنەوەو دەروازەی رۆشنبیری لە ولات تەسک دەبۆوە، لەو سەردەمانەدا چەندین رێکخراوی بەناوی ژینگەو مافی مرۆڤ و دابڕاوەکانی ناو کەنیسەکان بە کۆششی کەنیسەی پرۆتستانت زۆربوون. لە ساڵی 1983 کەنیسەی نیکۆلا لە لایبزیک بە ناوی داوای ئاشتی کۆبوونەوەی دیداری سازکرد، زۆری نەبرد ئەو بلندگۆیە بووە سەکۆیەکی سیاسی .

لە هەمان ساڵدا ئەو کەنیسەیەو کەنیسەی قتسمانی لە بەرلینی خۆرهەڵاتەوە بەیەکەوە بوونە رووی دیاری ئۆپوزسیۆن، لەهەمان کاتدا سی کەس لە بەرهەڵستکاران سەکۆیەکیان بەناو ( سەکۆی نوێ ) دامەزراند، ئەوانە یەکەمین دەستەی نیشتیمانی بوون، سەرەتای دانووستان و دیداری چاکسازییان راگەیاند. بەرپرسانی حزبی ئیشتراکی ئەلمانی ویستیان لەگەڵ رووی دووەم و ئەوانە بکەونە گفتوگۆ، بەڵام دیاربوو مەسەلەکە درەنگ بوو، سوودی نەمابوو، گۆشەکانی ئەو رژێمە بەرەو هەژان و رووخان دەچوو .

هۆست کاسنرۆ پاش ئەوەی بڕوای بەو سەکۆیە هێنا، بووە ئەندامی ئەو سەکۆیە. ئەو لە ( کریستا وولف ) ی نووسەر نزیک بوو، ئەوەی لە8 ی نۆفمبەری 1989 بە ئامادەبوونی چەندین رووناکبیر داوای هەڵبژاردنی ئازادو خاوێنیان لە ولاتکرد، داواکاربوون حکومەت بواری سەربەستانەی گەڕانی کەسەکان بدات بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی راستەقینەو پاراستنی ئەشتراکیەتی دیموکراسیش. ئەو

قەشەیە حەزی دەکرد دوو ئەلمانیا بمینێتەوە، ئەو دوو ولاتە هاوسێ بن، وای دەزانی ئەو دوو ئەلمانیایە هەتا هەتایی دەبینێت. ئەو من ئارەزووم بوو، ولاتەکەم بەرەو دیموکراسی هەنگاو بنێت، بەو شێوەیە بمینێتەوە، بەڵام دیارە هاووڵاتیان ئەوەیان خواست و دۆتش مارکیان ویست و بینیان ..

دۆتش مارک هیمای سەرکەوتنی ئەلمانیای فیدرال بوو. راوێژکار هیلمۆت کۆل ئەو گیانبازیەی کردو مارکی خۆرئاواو خۆرهەڵاتی کردە یەک نرخ، بۆ ئەلمانیایەکی دیموکراسی ئەوەی کردو دەیزانی چی دەکات .


کۆبونەوەی لوتکەیی هەشتە گەورەکە، ژنێک لەنێوان سەرکردەکانی ولاتە بەهێزەکانی جیهان وەستاوە .



کۆبونەوەی لوتکەیی هەشتە گەورەکە، ژنێک لەنێوان سەرکردەکانی ولاتە بەهێزەکانی جیهان وەستاوە.

## 4

## ئەنجیلا یەکەم پانتۆلی جینزی لە کەنیسەوە بە دیاری بۆ هاتبوو



## یەکەم یاری منالآنەی بۆ هاتووە .

پاش ئەوەی دیوارەکە رووخا، نوکتەری خۆش لە ئەلمانیا پەیدابوو، بە تایبەتی ئەو نوکتانەی لە سەر رژێمی شیوعیەتی هاتنە پێشەوە، ئەو نوکتانەش بوونە کتێب، لە فرۆشتنا بازاری گەرمیان هەبووە. یەکێک لەو نوکتانە ئەوەبوو، کەوا نرخی کڕینی دانەیەک لە رۆژنامەی پرافدای زمانحالی حزبی شیوعی سۆڤیەتی بە یەک کوبکسە، کە دەکاتە 0,13 مارکی خۆرئاوایی، هەمان رۆژنامەش لە ئەلمانیای دیموکراسی چەندجار گرانترە، کە پرسیارەش کرا بۆ هەمان رۆژنامە لەو دوو ولآتە ئەوەندە جیاوازی نرخیان هەیە، لە وەلآمدا بە گالتە دەیانووت ئەو پارەی دێتە سەری پارەی وەرگێرانەکەیەتی لە زمانی رووسی بۆ زمانی ئەلمانی، ئەگەرنا رۆژنامەکە جیاوازی وایان نی یە .
نوکتەیەکی تریش ئەوەبوو، کام لە پیتەکانی ئەلفبای زمان، لە ولآتی ئەلمانیای دیموکراسی زۆرتر بە بایەخ و گرنگە، دیارە وەلآمەکەی ئەوەبوو، کەوا پیتی واو .. لە هەموو پیتەکانی تر گرنگترە، چونکە بێ ئەو پیتە ناوی سەرۆکی خۆشەویستی ئەو ولآتە لە والتر یولبریختەوە دەبێتە ئالتر یولبریخت، کە بە ئەلمانی ماناکەی دەبێتە یولبریختی پیر، ئەوەشیان موستحیلەو ئافنبرودرشافت، ئەوەش لای ئەوان واتە هاوڕێیانی چەک و خەبات، هەمان وشەش مانای یەکێتی مەیموونەکان دەگەێنێت .
پۆلیس نهێنی واتە ( ستاسی ) بە زمانی ئەلمانی، لە نوکتەی رۆژانە دەربازی نەدەبوو، گوایە جارێک ئان هونیکری ئەوەی پاش یولبریخت هاتبوو، رۆژێک بە تەلفۆن بەرپرسی پۆلیس میلک ئاگادار دەکاتەوە کەوا سەعاتە بەنرخە زێرەکەی گوم بووەو دەبێ بە هەر جۆرێک بێت، بەزووترین کات بیدۆزێتەوە، ئەویش تەنگاو دەبێت، پاش ماوەکی کورت تەلفۆنێکی تر بۆ پۆلیس دەکاتەوە با نەگەرێت، ئەو سەعاتەکەی دۆزیوەتەوە، ئەویش لەوەلآمدا دەڵێ، گەوەرم ئەوە سوودی نی یە، من 30 کەسم گرتووەو هەموو دانیان بە دزینی سەعاتەکەی جەنابت ناوە .

## کێشەکانی هاتوچۆ :

سەرەتاکانی تەمەنی ئەنجیلا لە تۆمبلین هێمن و ئارام دەرۆیشت، تەمەنی گەنجیشی چیرۆکی شیاوی باسی تێدا نەبوو، ئەو لە نێوان کەنیسەو ماڵەوەو باڵەخانەی تایبەتی بۆ پێویستەکان لە والدهۆڤا دەسورایەوە، ئەو رووداوانەی پەیوەند بە تەوازن و جولانەوەبوون، ئەگەرچی کاریگەری زۆر خراپی لەسەر تەندروستی نەبوو، بەلآم رۆژانەی منالی کەمێک سەختکردبوو. ئەو زۆر پولی دیمەنی سروشتی جوانی کۆدەکردەوە، بەتایبەتی ئەو پولانەی وێنەی شارۆچکەکەی ئەوانی پێوەبوو، ئەو شوێنەی بە چەندین دەریاچەی جوان دەورەی درابوو. لە 31 ی ئۆگسستی ساڵی 1961 سنووری نێوان هەردوو بەشەکەی ئەلمانیا بەسترا، ئەو دەمە تەمەنی تەنیا 7 ساڵان بوو، دەکرێ لەو تەمەنە گچکەیی ئەو شتی زۆری زانبێت..؟ ئەو لەناو بالۆنەکەی خۆی دەژیا، لە والدهۆڤ جیهانێکی تایبەتی بۆ سازکرابوو، لە وەرزشی جملاستیک لێهاتوو نەبوو، بەلآم لە زمانی روسی و ئینگلیزی زۆر شارەزابوو، هەروەها لە وانەی بیرکاریش زۆر پێشکەوتووبوو، لە زۆر دەرگای دەدا تا شتێکی تر فێربێت، ئیرادەو ویستی زۆر توندو بە هێزی هەبوو، شارەزای هەموو شوێنێکی ناوچەکەیان بوو، ئێوارانیش نوێژی دەکردو بۆ سەردانی دۆستەکانی دەچووە دەرەوەی

والدهۆڤیش, كه خوشكه‌كه‌ی له‌دایكبوو دایك و باوكی تا ئاگاداری باشی خوێندنی خۆی بێت، دوا نه‌كه‌وێت و شوێنی فه‌راهم بێت، ژوورێكی تایبه‌تیان بۆی دانا .

ئه‌نجیلا وێنه‌ی به‌یه‌كه‌م جینزه‌وه گرتووه كه به دیاری بۆی هاتبوو .

كه ته‌مه‌نی به‌ره‌و هه‌رزه‌كاری چوو، براده‌ره‌كانی له خۆرئاواوه پانتۆلی جینزو كاسێتی مۆسیقای تیپی بیلتزیان بۆ ناردووه، له‌به‌ر بوونی په‌یوه‌ندی خێزانیان له‌گه‌ڵ به‌شه‌كه‌ی تری ئه‌لمانیا ئه‌و له‌لایه‌ن خزمه‌كانیه‌وه كتێبی بۆ هاتووه، هه‌روه‌ها سوودی له دیاریه‌كانی كه‌نیسه‌ی لۆسه‌ریش بینیوه. یه‌كێك له مامۆستا كۆنه‌كانی هانس یولریخ یبسكۆف ئه‌وه‌ی له بیره كه ئه‌و ته‌مه‌نی 13 ساڵان بوو، به سێ ساڵ له خوێندن له پێش هاورێیه هاوپۆله‌كانی بووه، جوان و راست و چاك مه‌سه‌له‌كانی شیته‌ل ده‌كردو هاوكێشه‌كانی ده‌كرده‌وه‌و كێشه‌كانی بۆ چاره‌سه‌ری ده‌برد، به‌و شێوه‌یه قۆناخی سه‌ره‌تایی ته‌واوكرد. هه‌وره‌ها وتوویه‌تی :
ئه‌و ویست و ئاره‌زووی زۆری هه‌بوو، به‌ڵام وه‌ك پێویست نا، ئه‌وه‌نده دڕ نه‌بوو، له هه‌ڵسوكه‌وته‌كانیش نیشانه‌ی سه‌ركرده‌یی پێوه دیارنه‌بوو .
ئاربیك یبن مامۆستای زمانی روسیه‌كه‌شی وتویه‌تی :
له هه‌مووان باشترو خێراتر ماده‌كه‌ی وه‌رده‌گرت، رۆژانه‌ی یه‌كشه‌ممه له شوقه‌كه‌م كۆده‌بوونه‌وه، ئه‌و پێش هه‌مووان شته‌كانی ئه‌زبه‌ر ده‌كرد .

زانسته قه‌ده‌غه‌كان :
ده‌كرێ پرسیار بكه‌ین چۆن ئه‌نجیلا هه‌ڵسوكه‌وتی پۆلیسی نهێنی كاری تێنه‌كردووه؟

ئه‌نجیلا چوویته ناو ریزی سه‌ربازه گه‌نجه‌كانی ناو لاوانی ئه‌لمانیای ئازادی سه‌ر به حزبی شیوعیی تایبه‌ت به هه‌رزه‌كاران و تازه‌پێگه‌یشتووان، له ساڵی 1968 رووداوی به‌هاری براغ ئه‌و رووداوه‌ی وڵاتی چیكۆسلۆفاكیای هه‌ژاند، ره‌وشه‌كانی گۆڕی، به قوورسی مه‌سه‌له‌كان ده‌بینرا، ئه‌وانه راستوخۆ كاریگه‌ری له‌سه‌ر ئه‌و گه‌نجه نواند، به‌ڵام ئه‌و له‌سه‌ر مه‌شقه‌كانی به‌رگی میللی له كاتی پشوودانه‌كانا دوانه‌كه‌وت، له‌و رۆژانه جلی تایبه‌تی له‌به‌رده‌كرد، براده‌رانی ئه‌و سه‌رده‌مه‌شی له‌بیریان ماوه، یه‌كێك له‌وانه ناوی هارالد لوشك بووه‌و ئێستاش پۆلیسه .
ئه‌نجیلا تاقیكردنه‌وه‌كانی دواناوه‌ندی له ساڵی 1973 له تومبلین به پله‌ی نایاب ته‌واوكردووه، پاش قۆناخی دواناوه‌ندی چوویته زانكۆی لایبزیك و زانسته‌كانی هه‌ڵبژاردووه، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی زانسته‌كان و زمانی ئینگلیزی له چوارچیوه‌ی خێزانه‌كه‌یان دوورو شیاو نه‌بوه، بۆ كیژه قه‌شه‌یه‌ك ئه‌و خوێندنه ئاسایی نه‌بووه، بۆیه ئه‌و له خێزانه‌كه‌ی دووركه‌وتیته‌وه. ئه‌نجیلا له‌و ده‌مه‌وه ده‌یزانی ئه‌و سسته‌مه شیوعیه‌ی وڵاته‌كه‌ی ده‌رووخێت و نامیێنێت، به‌ڵام نه‌یده‌زانی كه‌ی ئه‌و رووداوه دێته پێش .؟ براده‌ره پۆلیسه‌كه‌ی ئه‌وه‌ی له‌بیرماوه كه له ئیستگه‌ی شه‌مه‌نده‌فه‌ر بۆ ماڵئاواییكردنی چووبوو، كه به جلی پۆلیسی ئه‌وی بینیوه به ساردی ده‌ستی كوشیوه، لێ دووركه‌وتیته‌وه، ئه‌و رووداوه‌ی به ناخۆشی و ژانه‌وه ده‌گێرێته‌وه.
له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ئه‌نجیلا رقی له‌و جله ره‌سمیه بوویته‌وه بۆیه ئه‌و رۆژه تاڵه‌ی له بیرو هزری به

چەسپاوی ماوەتەوەو لیٚ نابێتەوەو لە بیری ناچێتەوە .

**پۆلیسی نهێنی داواکەی ئەنجیلا رەتدەکاتەوە :**

کیژی ئەو قەشەیە، کیژێکی یاخی نەبوو، ئەوەی قبوولی نەبوو، لای خۆی دەیهشتنەوە، رەخنەکانی لای کەس نەدەرکاند، ئەگەر لای ماڵەوەیان یان یەک دوو برادەری نەبووایە لای کەسی تر دەمی نەدەکردەوە، ئەو لە هاوسێیەکانی ماڵەوەشیان ترسابوو، ئەوەندە ترسابوو پلە باشەکانی لە ترسی پۆلیس لای کەس باس نەدەکرد، هەموو شتێکی لەبەر چاوی پۆلیسە نهێنیەکان دەشاردەوە.

**ستاسی، یان پۆلیسی نهێنی چی یە. ؟**

ئەنجیلا وتویەتی، ئەوان زۆر لە نزیکییەوە دەژیان، ئەگەر لە ماڵەوە بە تەلفۆنیش ئێمەیان ویستبایە دایکی بواری نەدەدان قسەمان لەگەڵ بکەن، ئەوەش لە ترسی ئەو پۆلیسانە بوو، ئەو وایدەزانی ئەوان هەموو شتێک تۆماردەکەن، ئەو دەیزانی رەوشت و هەڵسوکەوتی ئەوان چۆنە، بۆیە زۆر ئێمە دەپاراست تا نەکەوینە بەردەستیان و زولمی ئەوان نەمانگرێتەوە. ئەنجیلا لەبەر ئەوەی ئەندامی لاوانی ئەلمانی ئازادبووە، بۆیە سەردانی وڵاتانی یەکێتی سۆڤیەت و پۆلونیاو چیکۆسلۆفاکیای کردبوو، برادەرەکانی وتوویانە تا لە بەشی زانستی زانکۆدا بخوێنیت، لەو مەیدانەی تێدا زۆر سەرکەوتوو دیاربوو، تا لەو خوێندنە بیٚ بەش نەبێت، دەبوایە ناسنامەو لایەنگیری لاوانی شیوعیەتیت هەبوایە. بەڵام سەرۆک شارەوانی شارەکەیان تومیلین، ( یولریخت شوینیگ )، ئەوەیان بە بیانۆی بەهێزو مەعقول نازانێت، ئەو دەڵیٚ، با مێژووی کۆنی ئەو ژنە بزانین، منیش کوڕە قەشەبووم، کوڕە پارێزەریش بوم، ئارەزووی تەواوکردنی خوێندنی زانکۆم هەبوو، کە داوای پسولەو لایەنگیری لاوانی شیوعیەکانیان لێکردم، باوکم رازی نەبوو، نەمتوانی لەکاتی خۆیدا بخوێنم، وازم هێنا، کە لە کارگەیەک وەک کرێکار دامەزرام، ئینجا توانیم خوێندنەکەم شەوانە تەواو بکەم .

ئەنجیلا لەساڵی 1977 شووی بە ( یبولریخ میرکل ) کردووەو بە پلەی زۆر باش بڕوانامەی تەحکیمی لە فیزیا وەرگرتووە، پاشان وەک معید لە زانکۆی تەکنلۆژیای ( بایلمۆ ) دامەزراوە. ئەو شارەی زۆرجار ( گۆتە ) بە سواری ئەسپ بۆ خۆشی سەردانی کردووە. بەڵام بەرێوەبەری دامەزراندنی زانکۆکە، کە ئەندامی حزبی ئیشتراکی دیموکراسی بوو، لە زانکۆکە وەرینەگرتووە، چونکە پۆلیسی نهێنی داواکەی رەفزکردووە .

**فیزیا بۆ ئەوەیە لە تەنگاوکردن راوەدوونان رزگاری بێت :**

میرکل خوێندنی فیزیای لە جیاتی وەرگێران هەڵبژارد، چونکە ئەو زانستە وردە کەمتر چاوی لەسەربووە، زۆریش ڕقی لە هەڵسوکەوتە بیروکراتیەکانی کۆماری ئەلمانیای دیموکراسی دەبۆوە، ئەوانەی لە خۆرئاواوە دەهات زەوقیان لیٚ وەردەگرت، بە بایەخەوە گرنگی پێدەدا، بە تایبەتی بەرنامە تەلفزیۆنەکانیان، وەک بەرنامەیی ( زاد دی ئاف ) کە لەلایەن جیرارد لوانتالەوە پێشکەش دەکرا، ئەو بەرنامەی کۆمەلگای شیوعی رەخنە دەکرد. زۆر لە هونەرمەندان و رووناکبیران هاواریان

لێ هەڵساو بەرووی رژێمدا تەقینەوە، لەوانە شیوعی پێشەواو کیمیاویی و فەیلسوف رۆبرت هافمان، بە ئاشکرا داوای سۆسیالیستی دیموکراسی کرد، خەباتەکەی بەردەوام بوو تا بووە تەوری سەرەکی و کەسایەتی دیاری ناو بەرهەڵستکارانی رژێمەکە. ئەو سەردەمەش حزبی دەستەڵات بواری دانوستان و گفتوگۆی نەدەدا، بۆیە رەخنەکانی ئەوی بە توندی وەڵام دایەوەو هافمانی لە شوێنی خۆی راگرت و چالاکیەکانی سستکرد، پاشان دەستبەسەریش کرا، ئەوەش لەلایەن هونەرمەندو رووناکبیرەکان بە توندی و بەنارەزایی وەڵام درایەوە، بەڵام سوودی نەبوو، جێگای خۆی نەگرت، چونکە حکومەت زوو رەگەزنامەی وڵاتی لێ ستاندنەوەو ئەوانیش بەناچاری لە وڵات دەرکەوتن .

## ئۆپوزسیۆن شالاو دەهێنێتە سەر کەنیسە :

لە نارەزایی و شێواویی رەوشی سیاسی وڵات و پێشلێکردنی بنماکانی دیموکراسی، وازهێنانی گەنجەکان لە کەنیسەو ئیمانداری، قەشە ئوسکار برویویتز لە 18ی ئوگسستی 1976 لە گۆرەپانی بازاری سیتز ئاگری لە جەستەی بەرداو خۆی سووتاند، پاش ئەو رووداوە گەورە بەرپرسەکانی ئەو قەشەیە نارەزاییان نوواند، داوای نەهێشتنی سیاسەتی داپلۆسینیان لەلایەن رژێمەوە کرد. ئەو قەشەیە وەک بانگی ئاگاداری بوو لە هەمو کەنیسەکان جەرەسەکان لێدران و پەیوەندی نێوان حکومەت و کەنیسە شێواو بەرهەڵستی سەری هەڵدا .ئەو دەمە تەمەنی ئەنجیلا 22 ساڵ بوو، رەوشی ئەو دەمەی وڵات و رەوشە سیاسییەکان بواری ئەوەی نەدا ئەویش جیابێتەوە، دەکرێ پرسیار بکرێت، ئایا ئەو لەژێر کاریگەری کەنیسەی لۆسەری بوو کە باوکی تێدا دروێشی بوو .؟؟
سەبارەت بە ریفۆرمخوازە ئەلمانەکان و شارەزاو پسپۆرانی زانستی لاهوت، دەکرێ ئەو دوو مەملەکەتە لەیەک جیابکرێتەوە: روحیەت و واقیعەتی پێشهاتی ئەو رۆژە، جا ئەگەر ئەو کەسە کریستیانە لە رووحی خۆی ئازادبووە، ئەوە دەکەوێتە بەر کاریگەری دەستەڵاتی سیاسی رۆژانەی واقیعەکەی، لێرە نهێنی رێزگرتنی ئەلمانەکان دەردەکەوێت، ئەوان ناتوانن بە ئاسانی بەرهەڵستی فەرمانی سەرەوەی خۆیان بکەن .